# هەرکەس بەتورکان بکەرۆ باوەڕ
# ئەحمەق ئەو کەسەن، جەمن ئەحمەق تەر

ئەم ناونیشانەی سەرەوە دێڕە شیعرێکی شاعیری گەلەکەمان، فەقێ قادری هەمەوەندی، کەنزیکەی سەدەونیوێک بەرلەئێستا سەبارەت بەدۆستایەتی نێوان کوردو کاربەدەستانی تورک ڕای خۆی پێشان داوە. لەدێڕە شیعرێکی تردا دەڵێ:

**بەدام و تەزویر، بەحیلەو بەفەن**
**ها کەفتینەدام، تورک ئەهرەمەن**

ئێمە مێژووی سەدانساڵەمان پێ ی ووتوین کەهیچ گومان لەوە نەکەین، کەکاربەدەستانی نەتەوەی سەردەست جگە لەزوڵم و زۆرو ئاغایەتی هیچی دیکەیان بەدیاری نەهێناوە. دووهەزار ساڵە بەئارەزووی، گلاوی ئەوان دێین و دەچین. دووهەزار ساڵە زورناژەنی شایی لۆغانی ئەوەنین. دووهەزار ساڵە داردەست و تاژی گوێرایەڵی ئەوانین. دووهەزار ساڵە بەرامبەریەک دەگرین، بەڵام نەمانتوانی بۆ ساتێک یەکبگرین. دۆستایەتی کوردو نەتەوەیەی زاڵ بەسەریدا ئاغاو ڕەنجدەری هەمیشە چەوساوە بووە. نەک وەک گۆرانی شاعیر بەبرای عەرەبی چاوڕەش ناویان دەبات. خۆ ئەگەر هەربەزۆریش بیانکەین بەبرا، ئەوا ئەوان براگەورەو ئێمەش هەمیشە بەدڵ و خواستەکانی ئەوان هەڵسوڕاوین.

باگوێ لەفەقێ قادر بگرین چۆن زیرەکانە شێوەی ئەم دۆستایەتیە لەنێوان تورک و کورد دەردەخات.

**چون کەوو بازەن، ئونس کوردو تورک**
**مەرکێ جەسایەی تورکان، بی بزورگ**

واتە دۆستایەتی کوردو تورک وەک هاوڕێیەتی کەو و باز وایە کەهەرکاتێ بازەکە ویستی ئەوا کەوی خۆخۆرو نەزان دەکا بەفراوینی خۆی و کەسیش لەسایەی تورکاندا زیندەگی ناکات. لەدێڕە شیعرێکی تردا، فەقێ ی مارانگاز زۆر بەڕونی و بێپەردەو بەلاغە، ئەم دۆستایەتیەمان بۆ ڕون دەکاتەوە:

**مەعلومە جەلای عارفان کار**
**دۆستی تورک و کورد نیەن پایەدار**

هەرکەس عارف و ئەهلی کار بێت هەرگیز دۆستایەتی تورک و کورد بەپایەدار ناداتە قەڵەم، هەروەک بەزەیی شێخ هۆمەرە بۆ مارەکەی باخەڵی. هەربۆیە دەڵێم پێویستە سەرکردایەتی کورد بەوتەیەک کەلێرەو لەوێ هەندێ جار پێیان لەڕاستی هەڵدەکەوێ بەکاربەدەستانی تورک باوەڕنەکەن.

مەحوی شاعیر دەڵێ:

**بەزەردو سوری دنیا زەردەواڵەت لێ نەگۆڕابێ**
**بەهەنگی تێبگەی، ئیشی هەرئێشە، نۆشێکی نیە زەنبوور.**

ئەوەتا ئێستاش کاربەدەستانی تورکیا بێ پەردە ناخی دڵی خۆیان سەبارەت بەکورد پێشان دەدەن، بەبۆنەو بێ بۆنە هەڕەشە لەهەرێمی کوردستان دەکەن. لەکۆتاییدا دوبارە لەگەڵ فەقێ قادری شاعیردا دەڵێم:

**هەرکەس بەتورکان بکەرۆ باوەڕ**
**ئەحمەق ئەو کەسەن، جەمن ئەحمەق تەر**

نووسینی/ ئەسعەد لوڕی زادە

# گەرەکی شەهیدان بەدەست بێ کارەبایی دەناڵێنێ!

سازدانی/ هێرش عەبدوڵا



## موەلیدەکەی گەرەکی شەهیدانی عەربەت، تا ئێستا چاک نەکراوەتەوە

ئێستا کە چلەی هاوینە و گەرمایێکی زۆر ناوچەکەی گرتوەتەوە بۆ زانینی باری گوزەرانی وڵاتیانی گەرەکی ئازادی شاروچکەی عەربەت- کە زانیمان ماوەی چوار رۆژە موەلیدەی گەرەکەکەیان خراپ بووە- پێمان باش بوو سەرێک لەوڵاتیان بدەین تاسەبارەت بەم دیاردەیە بدوێن.

سەرەتا چومە لای خاوەن موەلیدەکە بەناوی (ع- م) بەڵام براکەی لەوێ بوو ؟ پرسیارم کرد؟

پ؛چەن رۆژە موەلیدەکەتان خراپ بووە ، چیتان کردوە بۆ چارەسەری، تاکو کێشەی وڵاتیان لەم گەرمایە چارەسەر بکەن؟

و؛ ئەمە بۆ سێ رۆژ دەچێ کە موەلیدەکەمان خراپ بووە ، وەستامان هاوردووە دەڵێ کە گازەکەتان پیسە بۆێە خراپ بووە بەڵام ئێمە گازلە سنورەکانەوە دەهێنین چۆن بزانین کە پیسە، وەستایێکی ترمان لە سلێمانی هێنا و وتی؛ ئەو وەستای پێشوە لە روی نەزانی وای وتوە ، ئەم موەلیدەی ئێوە پەمپی خراپ بووە و نۆزڵی وەستاوە تا ئێستا دوجار نۆزڵمان بۆ گۆریوە بەڵام هەر دەی وەستێنێ ئێستا رۆشتون بۆ سلێمانی تاکوو نۆزڵی لۆکی بۆ بێنن.

پ ؛ ئەم موەلیدەی ئێوە چەندەمین جارە خراپ دەبێ؟

و؛ ئەمە دووەمین جارە خراپ دەبێ ، جاری پێشو پستۆنی شکاند کە شەش رۆژ ئیشی نەکرد موەلیدەکە.

پ؛ئایا ئێوە پارەی ئەو چەن رۆژە کە کارەبا نادەن بەخەڵک لە وڵاتیانی وەر دەگرن ؟

و؛ بەلێ، بەڵام لە باتی ئەو حاڵەتە ئێمە کارەبای زیادە دەدە ین بەخەڵک.

پ؛ لەنێوخەڵک قسەی ئەوە دەکرێ کە گوایە بیانوی ئەوەتان هەیە کەخاوەن موەلیدەکان دەیانەوێ پارەی ئامپێرەکان زیاد بکەن تا چەنێ راستە ؟

و؛ شتی وانیە ئێمە قسەی واناکەین بەڵام لەلایەن مودیر ناحیەوە وتراوە کە پارەی ئامپێرەکان بکەن بە( دە هەزار) دینار بەڵام قەت ئێمە ئەوە مان پێ خۆش نیە چونکا بەراستی ئەو خەڵکە فەقیرن، ئێمە ئەگەر حکومەت یارمەتیمان بدات گازەکەی خۆمان بە جوانی پێ بدات لەوانەیە لە نۆ هەزاریش کەمتر لە وڵاتیان پارە وەر بگرین.

پ؛ ئێوە ئێستا چەنێ گاز وەردەگرن؟

و؛ ئێستا بڕی بیست وپێنج تاسی لیترگاز وەردەگرین لەکاتێکدا لە رێکەوتنەکانی نێوانمان بڕی لە (سەدا، پەنجا) لیترنوسراوە.

رۆژانە چەنێ گاز سەرف دەکەن بۆ ئیشی هەفت ساعەت و نیوە کەتان ؟

ئەگەر بەتەواوی ئیش بکات موەلیدەکە، ئەوە بیست و دوو جلیکانە سەرف دەکەین .

پ؛ ئێوە هێچ کێشەیکی ترتان نیە؟

و؛ ئێمە کێشە یکمان هەیە کەدەمەوێ ئێستا باسی بکەم ئەوێش وڵاتیان تەواوی زبڵەکەیان دەهێننە تەنیشتی ئێمە دەی رێژن کە ئەمە بوەتە هۆی ئەوە تا ئێمە نەتوانین حەرەس دابنین یان حەرەسەکان دوای چەن رۆژ کارکردن دەرۆن، خەومان نیە لەبەر مێش و مێشولە. تکادەکەم وڵاتینکەمێک چاویان لە ئێمەوە ببێت تاکوو ئێمەش بتوانین بەباشی چاودێری موەلیدەکە بکەین، شارەوانیش درەنگ خاوێنی دەکاتەوە.

*هەر سەبارەت بە بارودۆخی وڵاتیان لە چەن دانیشتوی ئەو گەرەکەمان پرسی*

پ؛ چەن رۆژە کارەباتان نیە؟

و؛ (ع-ا) وتی ماوەی سێ رۆژە کارەبای موەلیدەمان نیە بەراستی ئێمە وەک گەرەکی شەهیدانی عەربەت زۆر زوولمان لێ دەکرێ چونکا ئاوو ببێت یان نە ، کارەبا ببێت یان نە هیچ کەس ئاور مان لێ ناداتەوە .

پ؛ ئایا ئەو چەن رۆژە کە موەلیدەی گەرەک خراپ دەبێ دوای چاک بوونەوەی کارەبای زیادەتان بۆ قەرەبوو دەکەنەوە؟

و؛ نەوەڵا بۆمان قەرەبوو ناکەنەوە بگرە کە موەلیدەکە چاک دەکەنەوە کارەباکە کەمتر دەکەن تاکوو موەلیدەکەیان خراپ نەبێت.

وڵاتی (ک-ح) ئەمرۆ بۆ چوار رۆژ دەبێ موەلیدەکەمان خراپ بووە بەم گەرمایە ش وەزعمان نیە .جاری پێشوش خراپ بوو شەش رۆژ کارەبای گەرەکمان نەبوو لەدوایش دا هیچ کارەبای زیادەیان پێ نەداین.

یەکەم جار کە موەلیدەکەیان دامەزران سێ رۆژی مابوو کە سەری مانگ بێت ئەوان پارەی ئەو سێ رۆژەیان لێ سەندین بەڵام ئێمە مافی ئەوەمان نیە کە کاتێک شەش رۆژ کارەبامان پێ نادەن لێپرسینەوە یان لەگەڵ بکەین یان لایەنێکی پەیوەندی دار بێت لێیان بکۆڵێتەوە.

- وڵاتی کەمال قادر کە دانیشتوی گەرەکی شەهیدانی عەربەت بوو وتی کە ئێمە لەم گەرمایە بەراستی بارودۆخمان باش نیە زۆر پەرێشانی ئەم حاڵەتەین ئێستا میوانم هەیە لە رووم نەبووە زۆر لەماڵەوە دابنێشم لەگەڵیان. موەلیدەی گەرەک هات دڵمان خۆش بوو کە چێ تر بەنزین ناکڕین بۆ موەلیدەی ماڵەوەمان زۆربەمان فرۆشتوومانە . ئەگەر موەلێدە خراپ دەبێ ئاساییە بەڵام بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دەبێ هەنگاوو و بەرنامەی گونجاوی بۆ دابنرێ یان یەدەکی بۆ دابنێن تاکوو چارەسەر دەکرێ .

لە وڵاتی (س-ئ) مان پرسی کە ئایا ئەورۆژانەی بەهۆی خراپ بوونی موەلیدەکە، کارەبای موەلیدەی گەرەک نیە دوای چاک بوونەوەی، خاوەن موەلیدەکان کارەبای زیادەتان پێ دەدەن ؟و؛ بەلێ جاری واهەیە کە بەیانیان بۆمان قەرەبوو دەکەنەوە کاتێک کە موەلیدە کە خراپ دەبێ بەو هۆیەوە چەن رۆژێک بێ کارەبا دەبێن بەڵام ئێمە قەرەبوومان نابێ کارێکی وابکەن تاکوو لەم گەرمایە بێ کارەبانەبین یان لەرۆژێک زیاتر نەهێڵن کە کارەبامان نەبێ .ئێمە جگە لەوە کێشەیێکی ترمان هەیە کە کاتێک کارەبا چی دێت وایەری کارەبای مەوەلیدەمان بۆ دەبەستێ دەڵێ کە بەدوو ئامپێر فلان شت و فلان شت بۆ نمونە ئیش دەکات بەڵام لە کاتێک دا وانیە یان کارەبا چیەکە درۆمان لەگەڵ دەکات یان ئەوەتا خاوەن موەلیدەکان فێڵمان لێ دەکەن.

# وێنە دەدوێ



بۆ بەر چاوی بەرپرسان!!!